کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
30-10-2007 21:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کاتێ سەرۆک دەدوێت ... فەرحان جوهر



کاتێ سەرکردە کەسایەتی خۆی لە بوون ونەبوونی نەتەوەکەی دەبینێتەوە، ئیدی ئەو نەتەوەیە نەبێ ئایندە دەبێ و نە دوژمنەکانیشی دەتوانن بە چۆکی پێدابدەن، کورد دەبێ گەشبین بێت و هیچ کاتێك بێ ئۆمێد نەبێت، لە هەڕەشەی داگیرکەرانیش نەترسێت، چۆن سەرۆکەکەی بە بەرچاوی هەموو دونیا قەبوڵ ناکات، تۆزقاڵێك لە کەسایەتی و مێژووی خەباتی میللەتەکەی بۆ دوژمنان تەنەزول بکات.

ئەو هۆکارەی وا لە مرۆڤ دەکات، کە باوەڕی بە خۆی و بە ئایندەی میللەتەکەشی هەبێت، جگە لە گۆرانکاری و پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژیای سەردەم، هەڵوێستی سەرۆك بارزانییە، کە بە ئاشکرا بە دۆست و دوژمنان رادەگەینێت، کە کورد لە پێناوی هەڕەشەکانی ئێوە واز لە ماف و دەستکەوتەکانی ناهێنێت، هەموومان ماوەیەکە هەڕەشەکانی تورکیا دەبیستین بە بیانوی بوونی بنکە و بارەگاکانی پەکەکە لە کوردستان، کە ئەمەیان تەنها پاساوە بۆ هێرشێکی فراوان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کە لەم سالانەی رابردوو بۆتە هەرێمێکی پێشکەوتوو چ لە رووی ئاوەدان کردنەوە چ لە رووی ئاسایشەوە ئارامی، لەکەسیش شاراوە نییە، نیازی دەوڵەتی تورك بەرامبەر کورد و مافەکانی چیە، باسی کورد و مافەکانی بەلای تورکیاوە هێڵی سوورە و ئامادەیە خۆی دووچاری هەر ریسکێك بکات، بۆ بەلاداخستنی ئەو بابەتە، بەلام لە بەرامبەر ئەم هەڕەشە ناڕەوایانەدا، دەبینین سەرۆکی کورد رۆژانە، چ هەڵوێستێکی نەتەوەیانە و لە ویشەوە مرۆڤ دۆستانە دەنوێنێ و ناهێڵێت مێژووی و کەسایەتی نەتەوەکەی ژێر پێ بکەوێت، کاتێك سەرۆکی تورك دەڵێت، بە هەر نرخێك بێت هێرش دەکەین، لە بەرامبەریشدا، سەرۆك بارزانی دەڵێت: ئێمەش بە هەر نرخێك بێت بەرگری لە خۆمان دەکەین، بە پێی هەموو یاساو رێسایەکی نیودەوڵەتیەکان مافی بەرگری کردن مافێکی رەوایە، ئیدی کاتی ئەوەیە کورد نەترسیت و خۆی ئامادەبکات بۆ دەسکەوتێکی مەزنتر، سەرۆك بارزانی دەیەوێت کەسایەتی رووخاوی سەد ساڵەی نەتەوەی کورد بنیاد بنێتەوە، بە دوژمنان بڵێت، کورد نەتەوەیە و وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە مافی ژیانی و ئازادی هەیە، لە لایەکی دیکەشەوە بە رۆڵەکانی نەتەوەکەی دەڵێت، چیتر خۆتان لە خەڵکی دیکە و نەتەوەکانی دیکە، بەکەمتر مەزانن و نەهێڵن دوژمن مافی ژیان و ئازادیتان لی زەوت بکات. هەزار ساڵ بەر لە هاتنی تورك بۆ ئەو ناوچەیە، کورد لێرە هەبووە، بەچ یاسایەك نەتەوەیەك ناهێڵێت نەتەوەیەکی دیکە بە زمانی خۆی بپەیڤی، لە هەمووشی کارەساتتر، ئەوەیە ئەو میللەتە قبول بکات و پێی وابێت بۆ ئەوە خولقاوە نۆکەر و ژێر دەست بێت، سەربارى پەیامی نەتەوەییانەی سەرۆك بارزانی کە پەیامێکی رەوایە، لە هەمانکاتیشدا پەیامێکی ئاشتیخوازانە و پێکەوە ژیانی نەتەوەکانە بە ئاشتی، نەك پەیامێکی شۆڤینی و نەتەوە پەرستی کوێرانە، کە تورکەکان چەندین ساڵە بەم بیروباوەڕە نەتەوەکەیان گۆش دەکەن و دەیانکەنە دوژمنی نەتەوەکانی دیکە، بەبێ ئەوەی توانیبێتیان رۆژێك ئازادی بۆ تاکەکانی میللەتەکەیان دەستەبەر بکەن، لە دەمێکیشە گووتویانە هەر نەتەوەیەك نەتەوەیەکی دیکە بچەوسێنێتەوە خۆی سەربەست نییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەرۆك بارزانی چاك دەزانێ لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستانە، چ باجێك دەدات و چ باجێکیشی داو، بەڵام ئەو باوەری بە دادپەروەری و رەوایەتی دۆزی میللەتەکەی هەیە، ئامادەشە لەو پێناوەدا خۆی یەکەم قوربانی و فیداکاری بێت، ئەمەیە فیداکاری و قوربانی سەرکردە بۆ میللەتەکەی، کە دەگاتە لوتکە و گەرانەوەی بۆ دواوە نییە و دەیەوێت لە ئاست ئەو متمانە وباوەڕە بێت، کە میللەتەکەی پێی بەخشیوە، هەروەها ئەو ئەمانەتەی کە هەڵیگرتووە و یادگاری بارزانی نەمرەو دەبێت بیگەیێنێتە دوامەنزڵگای خۆی وکەشتی کورد لە کەنارێکی ئارام لەنگەر بگرێ، بەڵام ئەو کەنارەی سەرۆك بارزانی دەیەوێت، دەبێ کەنارێکی ئازاد بێت، ژیان لە ئازادیدا دەبینێ و پێی وایە مافی هەر نەتەوەیەکە ئەو ئازادیەی هەبێ، لەسۆنگەی باوەڕ بوون بە ئازادیەوە، سەرۆك ئامادەی هەموو قوربانیەکە، زۆرباش لەوش تێدەگات، کە هەر نەتەوەیەك پشت بەخۆی نەبەستێ و باوەری بە خۆی نەبێ ئایەندەی نابێ، گەر هەموو دونیا هاوکاری بێ.

ئیدی سەرۆك ئەرکی خۆی وەك سەرکردەیەك بەجێگەیاند، ئێستاش نۆرەی مللەتە و دەبێ بە هەموو شێوەیەك لە دەوری پەیام و هەڵوێستی سەرۆك کۆببنەوە و بە هەموو جیاوازیە فکری و ئایدلۆژی و حزبیەکانەوە، تا نەهێڵین دوژمنان یەك هەنگاو بەرەو ئێمە بێن، دڵنیام ئەگەر یەکگرتوو و تەبابین، ئەو هاش و هۆوشەی دوژمن دەبێتە بەڵقی سەر ئاو.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.